# ئەو كەسەی  نازانیٚ كە پاكیزەیە

سروشت عومەر مەعروف

كوردستانی باشور

سولەیمانی

samaeastera@yahoo.com

هەنگاوەكانی گورج دەنا ئەستێرەكانیش بەرەو كاڵبوونەوەدەچوون. دەرگای ژوورەكەی لەسەر خۆی كڵۆم دا , سەرتاپای جەستەی شەلاڵی لەزەتێكە كەرۆژێك لەرۆژان هەستی پیٚنەكردوە.نەی دەزانی چیبكات .خۆی ڕانەگرت, لەچەكمەجەی مێزەكەی قەلەمٌ وكاغەزی دەرهێنا

بۆ( خانمی بەڕێز و **هەرگیز لەیادنەچووم.........** **خۆزگە** دەم توانی چۆن چۆنی سوپاس گوزارو خزمەت گوزارت

**بم بەرامبەر بەو هەموو لەزەتەی بەمنت بەخشی من گوڵێكی ناو** ئینجانەیەكی خۆلاٌوی بووم.؟  تۆ هاتیت وبەتاو دات كرد   ئەی تینوشكێنەكەی رۆحم  تابمێنم قەرزارباری تۆم   سەرم لەئاستی تۆدانەوی نەویە.هاوماڵەكەم مەملەكەتێك  لەتەمەن  پەشیمانم كەتۆم تێدا نەناسیبوو كەتۆم جیٚهێشت بە ناسۆرەوە هەستم بەوتاڵیەكرد, چەندین وەرزە بەنیازی ڕەبەنی  داوێن پاكی بەئارامیەكی گەمژانەوە بەڕێیان دەكەم شمشاڵەكەی شەوەدرێژەكانی تەنیایم  لەكاتێكدا هاتیت بەهانامەوە من لەسەر لێوارەكانی گومان و ئیمان  وەنەوزم ئەدا. گاڵتەم بەگەمژەیی وجەهلی كەسانێك دەهات.كەلەدنیا هیچ نازانن  ئارەزوەكانی ئەم دنیادەگۆرنەوە بەو دنیا بەلاٌم تۆ زۆربەسانایی‌ئاوێنەی جەهل وگەمژەیی خۆمت   كردەدیاری بۆخۆم ئەی بەخشندەكەم.

بەزەردەخەنەی خۆت بەلەشی تورتی سپی وسۆلٌ ی پەنیریت.چەندەهای وەكومنی تۆقێنراو  لەڕووت بوونەوەلەجووت بوون لەشكاندنی حەرامەوەهمیەكان ئاسوودە كرد,بەداوای شەرمەزاریەكی زۆرەوە.

تۆ ماچ دەبەخشیتەوە كەسانێكی دی رق , تۆش تەنهاو تەنها گەیشتن بەنێرڤانە .ئەوانیش كەڵەكەكردنی بارووت , كەچی بەتۆدەڵێن لەش فرۆش بەخۆشیان دەڵێن خەم هەلگری مرۆڤی بیٚ هۆش.ئەی نەوڕسەكەم وەك  چەندین ساڵ پێش ئێستا پیرەمێردەكەی خۆمـــان دەی گووت:ئێمە بەردت تیٚ دەگرین تۆش بەرمان تیٚ دەگریت ئێمە بەچاوی نزم وبیٚ بەزەیی تائەودیو مردن هەرخاچت بۆدەڕازێنینەوە . تۆش بەڕاموسان وقاقاوگێرانەوەی یادەوەریەكانت سەرمەستمان دەكەیت ئەی جوانترَ لەهەموومان.

بەدیا ر داب ونەریت وئایدۆلۆژیاكانەوە سەرم بووەكلوو1 كەچی نەیان توانی

نەیان زانی بەنیوەی

ئەوماچانەی كەسنگ ولاملمی ئەقرچان گەورەم كەن پڕلەنوورو ارادەم كەن

ئازیزەكەم ئەو خەمباریەی لە ڕوخسارت دەتكا كلیلی بیرچوونەوەی لەڕارەوەكانی مێشكمدا بزرە. ئێستاش ئەوچاوەپڕفرمێسكانەتم لەیادە .      كەدەیان جریوان ئەوكاتەی هەستتكرد  بۆیەكەمین جارە لەشی مێینەیەك

دەبینم بەڕاستەوخۆ  بەڕووتی زۆربەڕووتی بیٚشەرم دەستی لیٚدەدەم بۆیە لەكاتی جووت بوون و گەیشتن بە نیرڤانە زۆرت لیٚ قبولٌكردم.داوای لێبوردنت لیٚدەكەم بۆئەوماوەیەنەسەرزەنشت نە زیزت كردم  بەدرێژایی تەمەنم

جگـــــە  لە تۆ   تائەو ساتەش هەستم بە هیچ ایدیاو بوونەوەرێك نەكردوە كە  هێندەی      بەری دەستت سادەو راستگۆیی لیٚ بتكێت.

گوڵە بەرۆژەكەم لەنووقورچەكانم لەهاوارەكانم ببورە داوای

بەخشندەیت لیٚ دەكەم.لەو گازانەم ببورە كەسەگیش گازی واناگرێت.

لەدوای ئەو هەموو نالەباریەش لیٚ گەڕایت بچمە خەوێكی قوڵەوە كەدڵنیام خەوێكی تاقانەبوو ......

:::::: خەرمانەكەم . ئای هەڕەشەم لیٚ كرا ناودەمیان پركردم لەكرمی تۆپیو هەرمەنجەلٌ بوو ئەكوڵێنرا نەمزانی بۆچی  سەگی هەوشاریان تیٚ بەردابووم زەلامی چوارپیٚ ,ماری چوار سەرە چووبونە ڕیزەوە بۆم!!

. هاواریان دەکرد نەیەڵن بمرێت نەیەڵن بمرێت

بەلأم هەروەکو ڕێکەوتێك یان فریشتەیەك پەیدابوویت وبەچۆڕێ لە میزەکەت بوونە جێگەی بەزەیی .و لەپیسایی خۆیاندا گوم بوون .تۆ منت لەشێت بوون ڕزگارکرد.

ئەی شاژنی ئەوتاکە شەوەم گەرتۆنەبوویتایە ئەم ووشانەلەمێشکی پەنگ خواردوما زیاتر بەلەسەدەبوون ووەکو ئێستا بۆم ڕام نەئەکران.

لەخەوەکەشمدا بەهانام هاتی خۆزگە دەم توانی کەمەکێك لەو قەرزەت بدەمەوە . بەلأم چۆن وبەچی ئەوانەی نرخت نازانن هیچن هیچ.

ڕەونەقەکەم کاتێك دوای پارەت کرد خۆمت سەرپشك کرد چەند بدەم

نەمدەزانی چۆن حەقت بدەم لەتەریقیدا مەرگ بستێك لەولامەوە قونەقونی پێ کەوتبوو. حەزم دەکرد بچم لەکانیەکەی

شیرین وفەرهاد جامێك خۆشنوودی ساردت بۆبهێنم یان لەدەشتەکانی ولأتی سۆمەرەوە گیای نەمریت بەچنگ خەم بۆئەوەی بەشی تۆ هەر نەمری بێت. بەلأم پڕبەگەردوون هەزاران جارئاخ کە داوای ئەم شتانەت لێ نەکردم .تەنها گووتت بەدڵی خۆت چەند دائەنێیت داینی بەبێ موجامەلەش ئەش توانیت هیچ دانەنێیتێ. زەلامێکی دیش لە ژوورەکەیئەودیوە

ئەگەر بووتوانیا یەزوو خۆت پۆشتەبکردایەوە ئەوەمایەی بەختیاریمە

ئەوەبوومنیش لەبەر ئەوەی تەنها کەسێکی کەتائێستا ڕێکەوتم کردوە

کە بەو پەڕی ئەمەکەوە کاری خۆی ڕاپەڕاندبێ

بەبێ ئەوەی خیانەت زەفەری بەخەیاڵی بردبێت. ئەوپارەیەی کەدام نا هەمووی ناگاتە ئەوتریقە وقاقایانەی مێشکی منت پیٛزاخاوئەدا.لەکۆتایدا دەڵێم تۆلەپێکەنینی مناڵ دەچیت.لەخەوی خۆشی عاشقێك دەچیت.) لەدامێنی خوار نامەکە نووسی لەجێ ی گشت کەست چوارقەدی کردو تا دوا نیوەڕۆکەی بیگەیەنێتە ئەو ماڵەی بەشەو چووبوو بەلأم دەبوایە بەڕۆژ بیدۆزیتەوە ........................)